| اقليم كوردستان - العر | | هەرێمی کوردستان - عێراق |
|---|---|---|
| رئاسة مجلس الوزراء | Kurdistan Regional Government | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران |
| رئاسة الديوان | Council of Ministers | سەرۆکایەتی دیوان |
| الدائرة القانونية | | فەرمانگەی یاسایی |

ژمارە: ٢٢٩٤

ڕێکەوت: ٤ / ٢٧ی کوردی

Date: ٢٠١١/٩/٢٦

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
خامەی نهێنی
Confidential Department
Council of Ministers

بۆ/گشت وەزارەتەکان

ب/یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی یاسای ژمارە(١١) ساڵی(٢٠١١)ی تایبەت بە(یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان) دەنێرین بۆتان کە بە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(٢٠)ی ساڵی ٢٠١١ لە ٢٠١١/٧/٣١ پەسەند کراوە، بۆ جێ بە جێ کردنی کاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ:

بڕیاری ژمارە(٢٠)ی ساڵی ٢٠١١

د.بەرهەم أحمد صالح

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

٢٠١١/٩/٢٨

**وێنەیەک بۆ:**

- دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە(٤٩٣) لە ٢٠١١/٨/٨ بۆ ئاگاداری بەرێزتان/لەگەڵ ڕێزدا...
- ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێم
- دەستەی وەبەرهێنان
- ئەکادیمیای کوردی
- دەستەی پاراستن و چاک کردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان
- دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لە سەرە
- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان
- بەڕێوەبەراتی ئاسایشی گشتی/سلێمانی
- دەزگای گشتی هەرێمی بۆ کاروباری مین
- تاقیگە بیناسازی یەکانی هەرێمی کوردستان
- گشت فەرمانگەکانی ئەم سەرۆکایەتی یە
- بەڕێز(سعد خالد محمد أمین) ڕێکخەری پەیوەندی نێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران

لەگەڵ هەمان هاوپێچ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە/ لەگەڵ ڕێزدا...

- فەرمانگەی یاسایی
- خامەی نهێنی، لەگەڵ بەراییەکان

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە (٢٠) ساڵی ٢٠١١

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣٢) لە ٢٠١١/٦/٣٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١

## یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی

## بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەربڕین و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: هــەرێم: هەرێمی کوردستان–عێراق.

دووەم: حکومەت: حکومەتی هەرێم.

سێیەم: لیژنە: ئەو لیژنەیەی کە لە ماددەی (چوارەم)ی ئەم یاسایەدا دەقنووس کراوە.

چوارەم: زیندانی کراوی سیاسی: ئەو کەسەیە کە گیرابێت یا زیندانی کرابێت بەهۆی نارەزایی دەربڕینی بۆ رژێمە یەك لەدوای یەکەکان لە عێراق تا ٢٠٠٣/٤/٩ی

ڕۆژی ڕووخانی ڕژێم لە عێراق، لەسەر ڕا دەربڕین و بیر و باوەڕ یان ئینتیمای نیشتیمانی یان سیاسی ، یاخود لایەنگیری کردنی ئۆپۆزسیۆن ، یان یارمەتیدانیان یاخود بەشداریکردنی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بڕیاری حوکمکردنی لەلایەن یەکێك لە دادگاکان یاخود دەسەڵاتەکانی سەر بە ڕژێمە ناوبراوەکان درابێ.

پێنجەم: گیراوی سیاسی: هەرکەسێك گیرابێت ، یان گلدرابێتەوە ، یان ڕاگیرابێ بەبێ ئەوەی بڕیاری حوکمی لەبارەیەوە لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەندەوە دەرچووبێ بەپێی هەمان هۆیەکانی کە لە (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

## بەشی دووەم:
## ئامانج و بنچینە و کارپێکردن

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی ئەم یاسایە دەستەبەر کردنی ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی و ڕێزلێنانیانە بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ قەبارەی ئەو قوربانییانەی داویانە بگونجێت و ئازار و مەینەتییەکانیان کەم بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

هەر کەسێك ئەم کارانەی کردبێ ، بە زیندانی کراو یان گیراوی سیاسی بۆ مەبەستەکانی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناژمێردرێ.

یەکەم: کاری کردبێ لەگەڵ ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی پێشوو لە دامەزراوە سەرکوتکەرە جۆراوجۆرەکان ، یا لەو کەسانە بێت کە لەلایەنگیریان بووە ، جا بەند کرابێ یاخود گیرابێ بەهۆی پاکتاوکردنی حسابە ناوخۆییەکانیان.

دووەم: کاری لەگەڵ ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی پێشوو کردبێ و لە کاری تاوانکارییەوە لەکاتی یان لەدوای گرتن یاخود زیندانی کردنیەوە گلابێت.

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: لیژنەیەکی تایبەت ، بە سەرۆکایەتی دادوەرێك لەپۆلی یەکەم دادەمەزرێ، کە ئەنجومەنی دادوەریی لە هەرێم دەیپاڵێوێ لەگەڵ ئەندامیەتی چەند نوێنەرێك کە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ ئەرکیان تەماشاکردنی داواکاری ئەو کەسانەیە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەست دەبن و نوێنەرایەتی ئەم لایەنانە دەکەن:

١- ئەنجومەنی وەزیران.

٢- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

٣- وەزارەتی ناوخۆ.

٤- وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٥- نوێنەرێك لە کۆمەڵەی بەندکراوە سیاسیەکان لە هەرێم.

دووەم: زیندانی کراوی سیاسی یاخود گیراوی سیاسی بەرێگەی یاسایی لەبەردەم لیژنەیی پێکهاتوو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ساغ دەبێتەوە.

سێیەم: لیژنەکە بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری خۆی دەردەکات و ، بڕیارەکەش شایانی تانەلێدانە لەبەردەمی دادگای ئیداریدا بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

**ماددەی پێنجەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەمانە دەگرێتەوە:

یەکەم: ئەوانەی بەپێی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە بە هاووڵاتی هەرێم دیاری کراون.

دووەم: ئەو حوکمدارو گیراوە سیاسیانەی کە لە هەڵمەتەکانی ئەنفال ڕزگاریان بووە سوودیان لە حوکمەکانی یاسای ماف و ئیمتیازاتی خاوەن شەهید و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ وەرنەگرتووە.

سێیەم: ئەوانەی لە ناو بەندیخانە و زیندانەکاندا لە دایك بوون لەکاتی گرتنی دایکیاندا.

چوارەم: هەرکەسێ لە هاولاتیانی هەرێم بە هۆکاری سیاسی بەندکرابێ یان زیندانی کرابێ یان گیرابێت یان راگیرابێت یان گلدرابێتەوە.

## بەشی سێیەم

## "ماف و ئیمتیازەکان"

**ماددەی شەشەم:**

زیندانی کراو یان گیراوی سیاسی ئەم ماف و ئیمتیازانەی خوارەوەی دەبێت:

یەکەم: پارچەیەك زەویی نیشتەجێ بوونی بەبێ بەرامبەر پێدەدرێت، بەمەرجێ پێشتر وەکو زیندانی کراوی سیاسی سوودمەند نەبووبێت، لەگەڵ پێشینەیەك کە بڕەکەی لەگەڵ بڕی پێشینەی عەقار بۆ بینای یەکەیەکی نیشتەجێ بوون هاوتا بێت.

دووەم: ماوەی زیندانی کردن یان گرتن بۆ فەرمانبەر بەخزمەت بۆ مەبەستەکانی سەر مووچە و بەرزبوونەوە و خانەنشینی ئەژمار دەکرێت، بەبێ ئەوەی تەمەنی زیندانی کراو یان گیراو لەکاتی حوکمدان بە زیندانی کردن یان گرتنی رەچاو بکرێت.

سێیەم: ئەوەی لە لایەن لیژنەوە دۆسییەکەی پەسنددەکرێ بەخشیشێکی (منحە) خانەنشینی مانگانەی بەپێی ئەو مەرج و رێنماییانەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات بۆ خەرج دەکرێت، بە مەرجێك ئەو مینحەیەی کە وەری دەگرێت لە هاوتاکانی لە حکومەتی فیدرالّدا کەمتر نەبێت.

چوارەم: بەدەر لە مەرجی تەمەن لە خوێندنی سەرەتایی و خوێندنی بالا وەردەگیرێت.

پێنجەم: حکومەت تێچووی خوێندنی خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی لە یەکێك لەزانکۆکانی ناو هەرێم لە ئەستۆ دەگرێت.

شەشەم: حکومەت خەرجیی چارەسەرکردنی لە نەخۆشخانە حکومییەکانی ناو هەرێم لە ئەستۆ دەگرێت.

حەوتەم: زیندانی کراو بەخششێکی (منحە) هاوسەرگیری بۆ یەکجار پێ دەدرێت کە بڕەکەی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینارە، بەمەرجێك هاوسەرگیری نەکردبێت.

هەشتەم: ئەگەر فەرمانبەر بێت بۆی هەیە تا ماوەی (١٠) دە ساڵ بەخششی (منحە) خانەنشینیەکەی و مووچەی فەرمانبەرییەکەشی وەربگرێت، وەکو قەرەبوو کردنەوە بۆی و ئەو مافەشی پێ دەدرێ پاش تەواوبوونی ماوەی ناوبراو کامیان باشتربێت، ئەویان هەڵ بژێرێت.

نۆیەم: بە مەدالیا رێز لە قوربانیەکانی دەگیرێت کە لە رێگای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان داویەتی.

دەیەم: ماف و ئیمتیازاتی مردووەکانیان ئەوانەی لە هەردوو برگەی یەکەم و سێیەم ئەم ماددەیە باس کراون بۆ پاشماوەی وارسی شەرعی دەگوازرێتەوە، ئەوانەی لە ژیاندا ماون.

یازدە: زیندانی کراوی سیاسی یان گیراوی سیاسی لەحاڵەتی تەواوکردنی مامەڵەی تۆمارکردنی ئەو عەقارەی کە پێی بەخشراوە یان بیناکردنی زەویەکە یان مامەڵەی قەرز وەرگرتن یان ئەو بەخشیشەی (منحە) بۆی تەرخان کراوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە رەسم و باجەکان دەبەخشرێت.

## بەشی چوارەم

## "حوکمە گشتیەکان"

**ماددەی حەوتەم:**

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پێرە و رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسای یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٣١ / تەمموز /٢٠١١ ی زایینی**

**٩ / خەرمانان/ ٢٧١١ ی کوردی**

**٣٠ / شعبان /١٤٣٢ ی کۆچی**